سەرۆکی هەرێم و وەزیری نەوتی عێراق کۆبوونەوە



ئەمڕۆ دووشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لەحەییان عەبدولغەنی، جێگری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری وزە و وەزیری نەوتی عێراق و شاندێکی باڵای یاوەری کرد. نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەراگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە" لە کۆبوونەوەیەکدا کە هەردوو لەجێگرانی وەزیری نەوتی عێراق و وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت ئامادەی بوون، دوایین هەنگاو و ڕێکارەکان بۆ دەستپێکردنەوەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی لایەنەپەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدراڵیی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمبارەیەوە، تاوتوێ کران. سەرۆك نێچیرڤان بارزانی جەختی لە پشتگیریی خۆی بۆ گفتوگۆ و هەنگاوەکانی حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دووبارەناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان کردەوە، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە وەستانی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان زیانێکی گەورەی بە داهاتی گشتیی عێراق گەیاندووە، بڵێە دەستپێکردنەوەی هەرچی زووتری ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کورستانی، بە گرنگ و پێویست زانی. لای خۆیەوە وەزیری نەوتی عێراق، جەختی لە خواستی جددیی حکوومەتی

فیدراڵیی عێراق و بەڕێز سەرۆك وەزیران ئەڵسوودانی کردەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەسپێکردنەوەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، هەروەها پوختەیەکی دەربارەی ئامانجی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و ئەنجامی گفتوگۆکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمبارەیەوە، خستەڕوو.